لەبەسەرکردنەوەیەکی نەخۆشخانەی گشتی شەقلاوەدا

هاوڵاتیەك: بۆ تەنها ئەشیعەیەك دەبێ بچینە پیرمام، ئەدی بۆ بەم شوێنە دەڵێن نەخۆشخانە!

بەڕێوەبەری نەخۆشخانە: من ئاوم نییە لەنەخۆشخانە دەبێت ئاو بکڕم، کێشەی گەورەمان نەبوونی باڵەخانەی نەخۆشخانەیەو ئێستا لە ئوتێلێکی کرێداین



شاخەوان ئەسعەد خەیلانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە

شەقلاوە جگە لەوەی هاوینە هەوارە کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی هاملتۆن و زۆربەی دێهاتەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەریری بەسەرەوەیە بۆیە ڕێواران و خەلکی ئەو دێهاتانەی بۆخزمەت گوزاری دێنە شەقلاوە پێویستیان بەدەزگا خزمەت گوزاریەکان هەیە بۆ ئەوەی ژیانێکی باش بگوزەرێنن یەکێك لەو خزمەت گوزاریانە (نەخۆشخانەیە) لێرەوە دەمانەوێت سەر لەنەخۆشخانەی شەقلاوەی گشتی بدەین، چونکە کێشە و گرفت هەیە کاتی دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە چڕی دانیشتوان بەم شێوەی ئێستا نەبووە بۆیە حکومەتی هەرێم بریاری نوژەن کردنەوەو فراوان کردنی دا بەڵام ماوەیەکی زۆر بەسەر ماوەی تەواو کردنی پرۆژەکە تێپەری تائیستا وەرنەگیراوەتەوە بەم هۆیەش ئێستا نەخۆشخانەی شەقلاوەی گشتی و کێشەو گرفتی زۆرە، دکتۆر شاخەوان ئەسعەد بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بە سوپاسەوە تیشکی خستە سەر ئەو لایەنەو چەند هاوولاتییەکیش باسیا لە کێشەکان کرد.

عادل ئیسماعیل /شەقلاوە

عائشە تەها کەئافرەتێکی نەخۆش بوو دوای سەردانی دکتۆر رووی لەدەرمانخانەی نەخۆشخانە کردو دوای وەرگرتنی دەرمانەکان بۆمان دووار وتی: بەراستی ئەمە نەخۆشخانە نیە دکتۆر شەش دەرزی و شروب و حەبت بۆدەنووسێ کەچی چەند حەبێکی پاراسیتۆل دەدەن و ئەوانی تر لەسەر پارچە مقەبایەك بۆت دەنووسن دەڵێن برۆ لەبازار بیکڕە کەپرسیاریان لێدەکەی دەڵێن (حصە) نەمایە باشە من ئێستاکاتژمێر (٩)ی بەیانیە باشە (حصە) کەی دابەش کرا ؟

(س.م) ئافرەتێك بوو لەگەڵ بورکەکەی دابوو کەتازە منداڵی ببوو لەنەخۆشخانە وتی: تائێستا لەهیچ شوێنێ گوێم لێنەبووە خەستەخانە نەفتی نەبێ کەچی لەم نەخۆشخانەیە لەهۆڵی ئافرەتان سۆبە نیە هەشبێ نەوت نیە لەم وتوێژەدابوین کارمەندێکی نەخۆشخانە خۆی و جەلیکانێك نەوت هاتەوە.

سەبارەت بەنەبوونی داوی دروینەوە **(مسەدەق جەعفەر) وتی:** کاتژمێر (١)ی شەو منداڵێکمان بەربوەوە سەری شکا کەبردمانە نەخۆشخانە ووتیان داومان نیە بۆ دروینەوە دەبێ بیبەن بۆ نەخۆشخانەی پیرمام

عەمە سلێمان هاوڵەتیەکی نەخۆش بوو کەبینی لەگەل هاوڵاتیان دەربارەی کێشەکانیان دەدوێین یەکسەر هات و وتی: کاکە من بۆ خۆم کرێکارم بۆ تەنها ئەشیعەیەك دەبێ بچینە نەخۆشخانەی پیرمام ئەدی بۆ بەم شوێنە دەڵێن نەخۆشخانە بۆ ئامێری ئەشیعە چاك ناکەنەوە یەکێکی تر هاتە قسە و وتی وا دوو ساڵە بێ نەخۆشخانەینە بۆ خەستەخانەی سەرمەیدان ناکەنەوە.

مامۆستا (س.ع) وتی: تائێستا سەردانی نەخۆشخانەم نەکردوە، چونکە دەزانم هیچ شتێك نیە لەوێ کە چووی بۆ نەخۆشخانە دەرمان و تیشك و پشکنین دەبێ لەدەرەوە بکەی بۆیە بەڕیارانە دەچم لەعیادە باشتر چارەسەر دەکرم وە دەڵێن گەر ناسیاوێکت لەنەخۆشخانە هەبێ ئەوە بڕێك داو دەرمان وەردەگری.

سەبارەت بەنەخۆشیە درێژ خایەنەکان پلکە (هەمین) کەنەخۆشی پاڵەپەستۆی خوێن و ڕەبۆی هەبوو وتی: من مانگانە دێمە ئێرە بۆ وەرگرتنی دەرمانەکانم کەدکتۆر بۆی لەم دەفتەرە نوسیوم، بەڵام هەر مانگەو دەرمانێك نایەت دەبێ لەدەرەوە بیکڕین.

سەبارەت بەم پرسانە بەپێویستمان زانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەقلاوە دکتۆر (شاخەوان ئەسعەد خەیلانی) بەسەربکەینەوە و سەرەتا دەربارەی کاروباری ڕۆژانە وتی کارەکانمان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەڕێوە دەچن و کەم و کورتیمان نیە، بەڵام هەندێ جار کێشەمان دێتە پێش و ئەوەی لەتوانای ئێمەدابێ چارەسەرمان کردوە .

دوای ئەم لێدوانەی دکتۆر شاخەوان لێمان پرسی کە کەم و کورتیتان نیە چۆن نەخۆشێك سەردانتان دەکات بۆ دروینەوەی زامەکانی پێی دەڵێن داومان نیە بیبەنە نەخۆشخانەی پیرمام لەوەڵام دا وتی: ئەم کێشەیە پەیوەندی بە کارگێڕی نەخۆشخانە نییە بەڵکو پەیوەندی بەخودی ئەو کارمەندیە کەهەڵس وکەوت لەگەڵ نەخۆشەکە دەکات سەبارەت بە داو دەرمان هەیە کێشەمان نیە بەڵام هەندێ نەخۆش لێرە چارەسەریان بۆناکرێ چونکە هۆڵی نەشتەرگەریمان نیە بۆیە ڕەوانەی پیرمام دەکرێن تائێستا کەس سەردانی منی نەکردوە سکاڵا بکات تا چارەسەریان بۆ بکەم .

سەبارەت بەهۆیەکانی گەرم کردنەوە ی نەخۆشخانە دکتۆر گوتی: تائێستا توانیومانە سوود لەهیتەری کارەبا و ئەو بڕە نەوتەی دەماندەنێ وەربگرین و ئەوسۆبانەی کەدابەشی سەر بەشەکانی ئێشکگرتنی دەکەین لە نەخۆشخانە بە دوو جەلیکان نەوت کارەکانمان رایی دەکەین ، سەبارەت بەوەی کە هۆیەکانی گەرم کەرەوە لە نەخۆشخانەنین ئەوە ڕاست نیە بەڵکو دەگەڕێتەوە سەر کارمەندەکە کە کەمتەر خەمی کردوەو سۆبەکەی دانەگیرساندوە .

دەربارەی کەمتەر خەمیەکانی نەخۆشخانە بەوەی تایبەت بە کارگێڕین ، دکتۆر شاخەوان ووتی : گەر هاوولاتیەك بێت و سەردانمان بکات بڵێ ئەم کێشەیەم هەیە یان سکاڵا بکات ئەو کات دەتوانین بە دواداچون بکەین و چارەسەری کێشەکان بکەین من وەك بەڕێوەبەر ڕۆژانە سەردانی سەرجەم بەشەکان دەکەم ئەوان دەڵێن هیچ کێشەمان نیە بۆخۆشم چاودێریم کردوە شەوانە کاتژمێر ١١ و ١٢ ی شەو هاتوم نەخۆشخانەم بەسەر کردۆتەوە ئەو کێشانە دەگەڕێنەوە سەر چۆنیەتی کار کردن و (نەفسیەتی) ئەو کارمەندانەی لەوێ کار دەکەن، ئێمە ئێستا پیویستیمان بە کادیری تەندروستی هەیە بە داخەوە خەڵکی شەقلاوە تەواو هاوکارمان نینە بۆ نمونە خولێکی ڕێك و پێکی تەندروستیمان کردەوە خەڵکی بە پیرمانەوە نەهات بەشداری بکەن و خۆیان بن بە خاوەن کار لە نەخۆشخانە و تا خزمەتی زیاتر بە شارەکەیان بکەن، هۆکارەکەش بۆ کەمی موچە دەگەڕێنمەوە .

سەبارەت بە هاوکاری کردنی دام و دەزگاکان بۆ نەخۆشخانەی شەقلاوە ، دکتۆر ووتی : بەشێك لە دام و دەزگاکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك یارمەتیمان دەدەن بەڵام هەندێك هاوکارمان نین ، من ئاوم نیە بۆنەخۆشخانە دەبێ ئاو بکڕم ، ماوەی مانگێك زیاترە ڕەزامەندیم لە جەنابی قائمقام وەرگرتوە بۆ هێڵی تایبەت بە نەخۆشخانە کەچی بەڕێوەبەری کارەبا هەرجارەو بە بیانوێك جێ بە جێ ی ناکات .

ئەو کێشانەی کە لە نەخۆشخانەی شەقلاوە ڕوو دەدەن هۆکاری سەرەکی باڵەخانەی نەخۆشخانەیە چونکە نەخۆشخانەی ئێستا لە ئوتێلێکی کرێدان و لەو ئاستە نیە کە پێ ی بگوترێ نەخۆشخانە هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەسەر کاتی تەواو بونی نوژەن کردنەوەی ئەو نەخۆشخانەیەدا تێپەڕیوە، بەڵام وەرناگیرێ ، لەم ڕوەشەوە دکتۆر ووتی : چەند جارێکە داوامان لێ دەکرێ وەری بگرین بەڵام کەم و کورتی لە باڵەخانەکەدا هەیە بەوەی کۆنکریتی سەرەوەی ئاو دەدات بۆ دواجاریش لێژنەی وەرگرتن بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری تەندروستی شەقلاوە لە کاتی ئەو بەفرەی ئەم دواییە سەردانی کرد بەڵام بڕیاردرا دوا بخرێ بۆ ئەوەی لەلایەك دڵنیا بین لە نەمانی کەم و کورتیەکانی و لە لایەکی تر لە دوای وەرگرتن توشی کێشە نەبینەوە ، بە تەواو بونی ئەم باڵەخانەیەش ٨٠٪ ی کێشەکانمان چارەسەر دەکات ، ئێستاش خەریکی کرینی ئامێری نوێ و تازەین بۆ نەخۆشخانەی شەقلاوەی گشتی ، لە هەمان کات نەخۆشخانەکەشمان زۆربەی بەشە کانی تێدایە ، هیوادارین تا دوو مانگی تر بتوانین ئەم هەنگاوە باوێین بۆ زیاتر خزمەتی دانیشتوانی شەقلاوەو دەوروبەری و زۆر سوپاسی هەفتەنامەی ڕێگای کوردستانیش دەکەم .

گوندی شۆرەزەرتکەی کەندێناوە بێ خزمەتگوزارییە

جەوهەر سەیدا

گوندی شۆرەزەرتکەی کەندێناوە لەدوای ئازادکردنی بەهەوڵو ماندووبونی خەڵك و جوتیارانی گوندەکە تا رادەیەك ئاودانکراوەتەوە. لەساڵانی حەفتاکاندا گوندەکە قوتابخانەو نەخۆشخانەو بیری ئاوی لێ بوو، بەڵام ئێستاکە بێ بەشە لەم خزمەتگوزارییانەو ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، نکۆڵی ناکرێت لەوەی کە زۆربەی گوندو دێهاتەکانی کوردستان پرۆژەی جیاجیای بۆ کراوەو دەستی خزمەتگوزاریو ئاودانکردەوەیان گەیشتۆتێ، کەچی تاکو ئێستاکە ئەم گوندە بەدەست نەبوونی پرۆژەی ئاو قوتابخانەو نەخۆشخانەو خراپی ڕێگاو بانەوە دەناڵێنێ و خەڵکەکەی بەردەوام سکاڵاو گازندەیانەو لەم ڕووەو حکومەت بەکەمتەرخەم دەزانن، بۆیە داواکارم وەك هەر گوندێکی تر خەمێکی دڵسۆزانە لەم گوندە بخورێتو هەوڵی گەیاندنی خزمەتگوزاریی پێویستی بۆ بدرێت.

بەرپرسانی هاتووچۆ تکایە خۆتان لەوێ بن

قوتابییەك

شەقامی (١٠٠) مەتری یەکێکە لەو شەقامانەی کە لەشاری هەولێردا سەرەڕای ئەوەی کە ڕووبەرێکی فراوان و بەرینی هەیە، بەڵام جەنجاڵیو قەرەباڵغییەکی زۆری هاتووچۆی خەڵك و ئۆتۆمبێلی لەسەرە، ئەو شەقامە لەساڵانی ڕابردوو قیرتاو نۆژەنکرا کە جێگای دەستخۆشیەو بەرپرسانی هاتوو چۆش چەندین هێماو ڕنیشانەی هاتووچۆیان لەشەقامەکەدا دانا بەمەبەستی ڕێکخستنی یاساو ڕێساکانی هاتووچۆ لەو شەقامەدا کە تەنانەت چەندین تاسەی گەورەشیان بۆ کەمکردنەوەی خێرایی ئۆتۆمبێل دروستکردووە، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لە شوفێرەکان ڕەچاوی هیچ یاسایەکی هاتووچۆ ناکەنو تەنانەت بەخێرایی لەتاسەکانی دەدەنو ڕاناوەستن، ئەمەش گرفتێکی زۆری بۆ پەڕینەوەی هاوولاتیانو بەتایبەت قوتابیانو مندالان دروستکردووە ئەگەرچی هێمای شوێنی پەڕینەوەشی هەیە، بەڵام لەوێش هەر خێرا دەڕۆن و بەو هۆیەوە چەندین کارەساتی گیانی کەوتۆتەوەو کەسیش مشووری ئەم دیاردە ناشارستانییە ناخوات، تکایە بەرپرسانی هاتووچۆ ئەگەر بەتەمای هێماکانی هاتووچۆو بن ئەوا ئەو شەقامە حاڵی خراپتر دەبێت، بۆیە خۆتان چاودێری شەقامەکە بکەن و سەرپێچیکاران و ئەوانەی لەیاسای هاتووچۆ لادەدەن سزا بدەن.

تۆ بڵێی بەرمیلێکی دیکە نەوت وەرگرم!

باوکی شوان

ئەمساڵ سەرەڕای سەختیو ساردی وەرزی زستان سووتەمەنی بەگشتی و نەوت بەتایبەتی بە ئەندازەیەکی زۆر گران بووە کە هیچ ساڵێك ئەو گرانییەی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەوە خراپبوونی کارەبا هەر باس ناکرێت بۆ بەختی ئێمە هەردووکیان بوونە قاتیو لێمان بوونەتە زێرو ئاڵتون، جا ئێستا زێڕو ئاڵتونیش هەر بەقەد جەلیکانو بەرمیلێك نەوت بەنرخ دەبێ، کار وابڕوات دەبێت زێڕ بە نەوت بگۆڕینەوە، قوڕەکە بۆ ئێمەی فەرمانبەران گیراوتەوە، باشە منێك کە مووچەکەم تەنها ١٢٥ هەزار و خاوەن ٦ سەر خێزانمو خانووم بە ١٠٠٠٠٠ هەزار دینار کرێیە کە بێگومان بەهەزارانی وەك منیش هەیە، ٢٥٠هەزار بۆ بەرمیلێك نەوت لەکوێ بێنم؟، ئەی بەچی بژیم؟، دوو مانگ پێش ئێستا بەرمیلێك نەوتمان وەرگرت، نەوتەکە تەواو ئەی بۆ ساردی مانگی دوو بەرمیلی دووەم چی بکەم؟، داوا لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەکەم خەمێکی منو هەزارانی وەك من بخۆن بۆئەوەی ماڵەکانمانو منداڵەکانمان لەو ساردو سڕییە ڕزگار بکەن.

گوندی بێنوریان بەدەست بێ ئاوییەوە دەناڵێنێ

ئا/ ڕێگای کوردستان

سەبارەت بەگرفتی ئاوی خواردنەوە لەگوندەکانو ئاواییەکان دانیشتوانی گوندەکان گلەییان هەیەو، داوا دەکەن بەزوویی کێشەی ئاوی خواردنەوەیان بۆ چارەسەر بکرێت، چونکە تووشی ژیانێکی سەختو ئازارێکی بەردەوامو ڕۆژانەی کردوون، سەبارەت بەم گرفتە چەند کەسێکمان هێنایە دواندن.محەمەد هاوولاتییەکی گوندی بێنوریان دەڵێ: ئەوە پێنج شەش مانگ دەبێ هیچ ئاو نییە، تەنیا لەڕووبارەکان نەبێت ئەویش قوڕاوییەو بەکەڵکی خواردنەوە نایەت بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ئەم ئاوەمان بۆ چاك بکەنو چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوە، محەمەد سەبارەت بە سەهۆڵ بەندان دەڵێ، چەندین ئافرەتمان کە ئاو دەهێنێ بەهۆی ئەو شەختە بەستو ساردییەی کەوا لە گوندەکەمان هەیە کەوتنە خوارەوەو دەستیان شکاوە، محەمەد دەڵێ، بەڕێوەبەری ئاوی گوندەکان لەجیاتی چاککردنی تەنانەت وەڵامی نوسراوەکانیشی نەداوینەوە.

ئەسعەد خەڵکی هەمان گوند دەڵێ: داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم ئارمان بۆدابین بکات ئەوە (٥ - ٦) مانگە ئارمان نییە دوو سێ جار داوامان کردووە بەهانامانەوە نەهاتوونە، چونکە بەڕاستی مەغدورین، ئەسعەد دەڵێ، ئارمان تێك چووە بەهۆی ئەم بەفرو سەهۆڵ بەندانەی کە لەناوچە شاخاوییەکان داهەیە ئەمەش وای کردووە کە ببێتە قوڕو چڵپاوو ئاوی ڕووباریش بەکەڵکی خواردنەوە نایەت بۆیە داوا دەکەم کە ئاوەکەمان بۆ چاك بکەن.

هاوولاتییەکی دیکە وتی: ئارمان بۆ لەبناری هەندرێن دەرچووە کەچی کەس بەهانامانەوە نەهاتووەو هەموو کەس دەزانێ کە ئێمە ئارمان نەماوە، زۆر بێچارەین ڕووبارمان هەیە کە سوودی لێ وەربگرین ئەویش شێلوەو بەکەڵکی خواردنەوە نایەت.

ئەحمەد دانیشتووی ئەم گوندە دەڵێ: ئێمە یەك پرۆژەی کۆنمان هەیە، بەڵام کەڵکی نییە ئەویش بەچوار گوندە کە کەڵکی نەماوەو ڕاوەستاوە، داوا دەکەین کە ئەم تۆڕەمان بۆ بگۆڕنو ئارمان بۆ لە گوندەکانی تر جیابکەنەوە، چونکە تۆڕی ئارمان تێك چووە بە ڵاغ ئاو دەهێنین.

پیاوێکی ریش سپی کە بەموختاری گوندی بێنووریان خۆی ناساند وتی: داواکارمان ئەوەیە کە ئاوەکەمان بۆ چارەسەر بکەن، چونکە ئارمان نییەو بێ ئاوی هەراسانی کردووین، و پرۆژەی ئارمان بۆ لەبناری هەڵگورد دەرچووە هەتا ئێستا حکومەتی هەرێم نەهاتووە چاکی بکات، چەندین جارە ئەم داوایانەمان خستۆتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار، کەچی هەروا ماوەتەوە بۆ ئەجارەش داوا دەکەین کە ئارمان بۆ دابین بکەن، چونکە ڕووبار بەکەڵکی خواردنەوە نایەتو تووشی نەخۆشی دەبین.

بەڕێز ستار قادر بەڕێوەبەری ئاوی گوندەکان وتی: ڕاستە بەهۆی لافاوو بەفرەوە ئەم تۆڕە ئارەیان تێکچووەو زۆر بەدواداچونمان بۆ گوندەکان کردووە، بەڵام دیارە ئەوانە مانەوە بەهۆی ساڵی تازەو بودجە، چونکە حکومەت بودجەکەی ڕاوەستاوە کەی بودجەی حکومەت دانرا دەست بەکارەکان دەکەینەوەو چارەسەری ئەم کێشەیە دەکەینو هەوڵدەدەین بەسیستەمێکی نوێ پرۆژەی ئاوەکەیان بۆ چاك بکەینەوە.

چەند ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی خولی شەش مانگەی ئەفسەران لەکۆلێژی پۆلیس

لە عێراقێکی فیدراڵو ئازاددا دوای نەمانی ڕژێمی بەعسو بەزۆری بەسەربازی کردنو ڕاکێش ڕاکێشی موالیدەکان بۆ ڕێزی (جیش الشعبی) و ..هتد. ئێستا لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو کەسێك ئازادە لەپیاوو ئافرەت بۆچوونە ڕێزی سەربازیو سەر بەوەزارەتی ناوەخۆ بەهەموو بەشەکانییەوە لە پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیسەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باس کردنی خولی شەش مانگەی ئەفسەری بۆ ژمارەیەك لەرێپێدراوانی پۆلیس (مفوض الشرطة) کە لەکۆلێژی پۆلیس بەڕێوەدەچێ، هەڵبەتە دوای لێکۆڵینەوەیەکی وورد لەباری تەندروستیو پلەی ڕێپێدراویو شەهادەی ئامادەییو لەڕۆژی ٩ / ١ / ٢٠٠٧ پەیوەندیمان کرد بەم کۆلێژە بوونە قوتابی کە شایانی باسە هەموومان لە ١٠ ساڵ زیاتر خزمەتمان هەیەو بەتەمەنینو خاوەن خێزانینو لەهەولێرو دەوروبەریو شارو شارۆچکەکانی ترەوە هاتووین کە بەهەڵێکی زێڕینمان زانی، بەڵام داخەکەم جێگای نیگەرانییە کە ناچار بووین ژمارەیەکی زۆرمان (استقالە) پێشکەش بکەین ماوەی هەفتەیەك لەکۆلێژ ماینەوە کە بەتەنها ڕۆژی پێنجشەمە نیوەڕۆ تا هەینی ئێوارەکەی بۆمان هەیە بچینەوە ماڵەوە، ئەمەیان وەك خۆیان دەڵێن لە باری ئەمنی و پشکنینی ڕۆژانەمان پێ ناکرێو بۆ ئەو ژمارە زۆرەی کە هاتوونەتە کۆلێژ بۆ خولی شەش مانگەی ئەفسەری وەك لەوێ بینیمان لە توندوتیژی و قسەی ڕەق و (اعازی عربی)و سزایەکی لەرادەبەدەر لەزستانێکی وا ساردو لەنێو ئاور قوڕاوو لەسەر هەڵەیەکی بچووك خواردنیش هەر هێندە دەخۆین کە پێی بژین، چونکە بە (دە) سانیە هیچ ناخورێ، ئەمە جگە لەخەمی ماڵەوەدا دابڕاوین لەهەواڵی ماڵەوە لەبەر مەمنوعی موبایل و ڕادیۆو تەلەفزیۆنو، لەهەموو شێك بێ بەشین تەنانەت سەیارەکانیشمان پەکی کەوتووە ئەوەندەی لەماڵەوە ڕابگێرێ، کە ناتوانین پێی بێینە کۆلێژ ،گوایە ئەویش مەمنوعە، بگرە جگەرە کێشانو کرینی شتێك لە حانوتی کۆلێژەکە لەکاتی پشوی خۆشمان بۆمان نییە جگە لەمەش وەك یاسای سەربازییە کە بەیانیان لەگەڵ گەردی بەیانی بەقاتێکی ڕێکو خاوێنو ردێن کرزاو کەچی بەئاوێکی سارد کە کەفی ناکار نازانین جلەکانمان چۆن وشك بکەینەوە، ئەمانەو چەندانی تر باس بکەین کەمە، گەرچی لەوانەیە سێ بەشی گلەییەکانمان سیاسی بێو پەیڕەوو پرۆگرامی سەر بازی وابێ، بەڵام نەك بۆ ئێمەی بەتەمەن کە هیچمان خزمەتمان لە ١٠ ساڵ کەمتر نییەو بەتەمەنینو توانای ئەو مەشقە قورسەمان نییە ئێمە دێننە ڕیزی قوتابیانی ١٨ ساڵی کە ئەوان لە بونیەی سەربازی لەئامادەباشی دانەو بەرگەی سزاو مەشق دەگرن تازە بۆ ئێمە هیچ کە ناچاربووین (استقالە) بدەین لەم خولە ئەو هەڵەمان لەدەست چوو ، بەڵام بۆ ئەوانی تر کە بەرگەی ئەم نەهامەتیو لێ خورینەوەیە دەگرن، لەبەرئەوەی ڕێز لەخۆمان دەنێینو لەپێناو بەدەستهێنانی هیواکانمان سەر دادەنوێنین، ئێمە لەکۆتایی تەنها ئەوە دەڵێین ئەو ماوە کەمەی لەوێ بووین کاتی سەربازی کردنی بەخورتیمان بیر دەهاتەوە کەچی ئێمەو ئەوان زۆر جیاوازبووین کە ئێستا گەورەکانمان لەرووی نەتەوەییەوە کوردنو قوتابیەکانیش هەر کوردن.

کۆمەڵێك لەقوتابیانی ڕێپێدراوی لەخولی شەش مانگەی ئەفسەران کە وازمان هێناوە
١٥ / ١ / ٢٠٠٧